پیشانگای کتێب و چاپەمەنی کوردی

جەلیل کاکەوەیس

وەک ئاشکرایە هەر میللەتێک ڕووی لە دنیای کتێب و خوێندنەوە بێت، هەنگاوێک لە خۆناسین و سەرفرازی نزیک دەبێتەوە. میللەتی ئێمەش ماوەیەکە خەریکە ئەو دەرگایە لە خۆی دەکاتەوەو لە ڕێگەی ئەو پیشانگای کتێبە هەمەجۆرانەوە ڕاچەنینێکی ڕۆشنبیریبیانە بەرپا دەکات، بەڵام خوێندەواری کورد کە ڕێی دەکەوێتە ئەو پیشانگای کتێبانە تەزوویەکی ساردی پێدا دێت، چونکە لە ئاست ئەو هەموو ناوونیشانانە سەرسام دەبێت و هەژاری و ناکاملێی کتێبخانەی کوردی بۆ دەردەکەوێت.

هەر بە دیقەتێ، بنیادەم ئەوەی بەخەیاڵدا دێت، میللەتی ئێمە بە درێژایی سەدەیەک لە کوێی ڕووداو و قەوماوەکانی وڵاتی خۆماندا بووین و چۆن ئەو هەموو هەڵچوون و داچوونەی ئەم وڵاتە قەڵەمی کوردیان نەبزواندووە، چونکە زۆربەی ڕووداوەکانی دەوروبەری خۆمان هەر غەیرە کورد نووسیویانە، ئیدی بەشێوەی مێژوو، یان بیرەوەری، یان ڕۆمانی گەورە، یان هەر بابەتێکی هزری دیکە.

ئەوەی بە دیقەتەوە بڕوانێتە ئەو هەموو ناوونیشانی کتێبە وای بەخەیاڵدا دێت ڕەنگە لە مێژووی نوێی کورددا، ئەم میللەتە بەتەواوی لە دەرەوەی ڕووداوەکان بووبێ و تۆزقاڵێک ئێشی پێنەگەیشتبێ و پڕیشکی ئاگری جەنگە گەورەکان و گەمە سیاسییەکان و پاکتاوی ڕەگەزی و نەتەوەیی بەر نەکەوتبێ، بۆیە شوێن دەستێکی لەم هەموو ناوونیشانی کتێبانەدا نییە و قەڵەمێکی کارامەی کورد بەڕووداوەکانی سەردەمی پاشایەتی و کۆماریە چنگ خوێناوییەکانەوە دانەچڵەکیوە، بۆیە لەم پیشانگا گەورانەدا نەبیرەوەریی کوردێک دەبینرێ، نە مێژوویەکی دۆکیومێنتکراو، نە ڕۆمانێکی شاکار.

ئەوەی لەو پیشانگای کتێبانەدا سەرنج ڕادەکێشێت، ڕووداوو قەوماوەکانی ئێمە، بەزۆری بەقەڵەمی غەیرە کورد نووسراون و دواجار وەک کاڵایەکی هاوردە دەگەنەوە دەستی خۆمان و ئەوسا هەست دەکەین ئەرێ ئێمە لە کوێی ئەو ڕووداوانەدا بووین!؟

خوێندەواری کورد لەو پیشانگایانەدا هەست بە کەسادی بازاڕی چاپەمەنی کوردی دەکات و ڕاستەوخۆ ئەو بڕوایەی لا جێگیر دەبێت کە چاپەمەنی کوردی، هێشتا نەیتوانیوە ئاوەزو هزری خوێندەواری کورد تێر بکات، بۆیە بە پەرۆشەوە ڕووی لە دنیای دەرەوەی خۆیەتی، هاوکات ئەو خۆزگەیەش دەخوازێت کە ڕۆژێک بێت شاکاری نووسەری کوردیش بکەوێتە ململانێی شاکارە جیهانییەکان و هاوبەشی خزمەتی خۆی و مرۆڤایەتی بکات.